Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. . Conf-2019-09

# مەرج و ئامانجەکانی هاوسەرگیری لە
# ئاینە ئاسمانیەکانداو کاریگەریان لەسەر بەختەوەری خێزان

زانا محمد أمين سعيد

زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زانستە ئیسلامیەكانی / بەشی پەروەردەی ئاین

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

***Keywords***

هاوسەرگیری، ئاینە ئاسمانیەکان، بەختەوەری، خێزان

***Corresponding Author***

zana.ameen@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تێروانینی هەرسێ ئاینی ئاسمانی (جولەکە، مەسیحی، ئیسلام) دەردەخات سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری وەك یەكەم هەنگاو لەدروستکردنی خێزان و باسی مەرج و ئامانجەکانی ئەو پرۆسەیە دەكات لای هەر یەكێك لەو ئاینانە. ئامانج لەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی یەکێتی مەبەست و ئامانجەکانی هاوسەرگیریە لە ئاینە ئاسمانیەکاندا بەو پێیەی کە یەك سەرچاوەیان هەیە. لە توێژینەوەکەوە دەردەکەوێت زۆربەی یاسا بەرکارەکانی جیهانی هاوچەرخ ڕەچاوی ئەو مەرج و ئامانجانەیان نەکردووەو بەپێچەوانەشەوە بەناوی بانگەشەی ئازادیەوە لە مەبەست و ئامانجەکانی هاوسەرگیری دەدرێت کە ئاینی زۆرینەی هاونیشتمانیان دانیپێداناوە، لەم توێژینەوەیەدا گرنگیدانی ئاینە ئاسمانیەکان بەپرسی هاوسەرگیری وەك خشتی یەکەمی خێزان و تا ڕادەیەک یەکدەنگیی ئەو ئاینانە لە مەرج و ئامانجەکاندا دەردەکەوێت. لە باسەکەدا میتۆدی هەڵێنجان و شیکردنەوەی دەقە ئاینیەکان و بەراووردکردنیان لەکاتی پێویستدا گیراوەتەبەر. لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە بەو ڕاستیەی کە مەرج و ئامانجە ئاینیەکان هۆکاری بەختەوەری خێزان و نەهێشتنی کێشە و ئاریشەن و ئاینە ئاسمانیەکانیش لە بنەڕەتدا یەك سەرچاوەیان هەیە لە باس و بابەتە گرنگەکاندا بۆ یەك مەبەست هاتوون.

## پێشەکی:-

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، دروود و سڵاو بۆ سەرگیانی پاکی پێغەمبەر و یار و یاوەرانی هەتا ڕۆژی دوایی.

هاوسەرگیری یەکێکە لەو پرۆسانەی سروشتی مرۆڤ داوای دەکات، گەشەی کۆمەڵگا و گەل و نەتەوەکانی لەسەر وەستاوە، هەر لەبەر ئەوەیە هەرسێ ئایینە ئاسمانیەکە (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام) بەگرنگیەوە دەڕواننە هاوسەرگیری و فەرمانی پێدەکەن و شوێنکەوتوەکانیانی بۆ هاندەدەن، هاوسەرگیری بە سوننەت و ڕێبازی هەموو پێغەمبەران دادەنرێت، لەبەر گرنگی پرۆسەکە ئایینە ئاسمانیەکان مەرج و ئامانجی گرنگ و گەورەیان بۆ داناوە، ئەگەر ئەو مەرج و ئامانجانە ڕەچاوبکرێن بەدڵنیاییەوە ئەو پرۆسەیە بەختەوەری خێزانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بە پێچەوانەشەوە هیچ گرنتیەک نیە بۆ ئارامی و سەقامگیری خێزانی، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەگرنگی بابەتەکەیدایە، ئامانجی توێژینەوە دەرخستنی مەرج و ئامانجەکانی هاوسەرگیریە لای هەر سێ ئاینە ئاسمانیەکەو چۆنیەتی کاریگەری ئەو مەرج و ئامانجانە لەسەر بەختەوەری خێزانی، سنوری توێژینەوەکە هەرسێک ئاینی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامە، توێژینەوەکە بە میتۆدی هەڵێنجان و شیکردنەوە و بەراوردکردن ئەنجامدراوە، جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێش خۆی ئەوەیە ئەم توێژینەوەیە هەموو مەرج و ئامانجە گرنگەکانی لەخۆگرتووەو بەراودری لە نێوان ئاینەکاندا کردوە وکاریگەریەکانی ئەو مەج و ڕێنماییانەی لەسەر بەختەوەری خێزان ئاشکراکردوە، توێژینەوەکە لە چوار جێباس پێکهاتوە، جێباسی یەکەم بریتیە لە تێڕوانینی ئاینە ئاسمانیەکان بۆ هاوسەرگیری و جێباسی دووەم بەناونیشانی مەرجەکانی هاوسەرگیری لای سێ ئاینەکە و جێباسی سێهەم تایبەتە بە ئامانجەکانی هاوسەرگیری لای سێ ئاینەکە و جێباسی چوارەم و کۆتایی کاریگەریەکانی مەرج و ئامانجەکانی هاوسەرگیری لەسەر بەختەوەری خێزانی لەخۆ گرتوە .

### جێباسی یەکەم

### تێڕوانینی ئایینە ئاسمانیەکان بۆ هاوسەرگیری:

هاوسەرگیری پرۆسەیەکی سروشتیە و خوای گەورە مرۆڤەکانی لەسەر دروستکردوە و لەڕووی جەستەیی و دەرونیەوە ئامادەی کردوون بۆ ئەو پرۆسەیە، لەسەرەتای مرۆڤایەتیەوە بەیەکەم پەیوەندی و بەستەری کۆمەڵایەتی دانراوە و سیستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕاوەستاوە، لەبەر ئەوەیە دەبینین هەموو ئایینە ئاسمانیەکان و زۆرێك لە ئایین و یاسا زەمینیەکان گرنگیەکی زۆریان بە هاوسەرگیری داوە، ئەو راستیەش لە کتێبی پەیمانی کۆن[(١)] کە لەلای جولەکە و مەسیحیەکان پیرۆزە و لە قورئانی پیرۆزیشدا[(٢)] ئاماژەی پێکراوە.

لەم جێباسەدا و بەکورتی باسی تێڕوانینی هەرسێ ئایینی ئاسمانی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام بۆ هاوسەرگیری دەکەین و گرنگیدانی ئەو سێ ئایینە بەو پرۆسەیە ڕوون دەکەینەوە.

### یەکەم: تێڕوانینی ئاینی جولەکە بۆ هاوسەرگیری:-

شەریعەتی جوولەکە هاوسەرگیری بە پێویستیەکی ئایینی دادەنێت و تەنانەت بە یەکەم داواکاری خودایی دادەنێت کە ڕووبەڕوی بەندەکانی دەکاتەوە، تەلمود کە بە شەریعەتی زارەکی جوولەکە و ڕاڤەی تەورات دادەنرێت دەڵێت: "ئەو پیاوانەی هاوسەرگیری ناکەن لە ژیانی دونیایاندا بەختەوەر نین و بەرەکەت لە سامان و ژیانیاندا نابێت، و کەسی ڕەبەن بە پیاو هەژمار ناکرێت[(٣)]" ، وە هەروەها (حای بن شمعون)[(٤)] کە زانایەکی جوولەکەیە لە کتێبێکیدا کە باسی باری کەسێتی جوولەکەکان دەکات لە مادەی (١٦)دا دەڵێت: "هاوسەرگیری لەسەر هەموو ئیسرائیلیەك پێویستە[(٥)]" ، جوولەکەکان بەگشتی ئەو بۆچونەیان هەیە تەنها تاقمێک نەبێت بەناوی موکابیەکانەوە ئەوان گرنگی بە هاوسەرگیری نادەن و پەنا دەبەنە بەر خۆپاراستن و گۆشەگیری، بۆچونی ئەوانیش هیچ کاریگەریەکی لەسەر کۆمەڵگای جوولەکە بەجینەهێشتوە بەڵکو بەپێچەوانەوە کاریگەری لەسەر مەسیحیەکان داناوە[(٦)].

### دووەم: تێڕوانیی ئاینی مەسیحی بۆ هاوسەرگیری:-

بەوپێیەی کە مەسیحیەت درێژکراوەی ئایینی جولەکەو کتێبی پیرۆزی جولەکەکان هەمان بەهاو پیرۆزی لەلای مەسیحیەکانیش هەیە واپێویست بوو کە هاوسەرگیری لەلای مەسیحیەکانیش هەمان گرنگی هەبوایە، چونکە عیسا سەلامی خودای لێبێت فەرمویەتی "من بۆ ئەوە نەهاتووم کە شەریعەتی موسا هەڵبوەشێنمەوە بەڵکو بۆ ئەوە هاتووم تەواوی بکەم[(٧)]" ، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین خودی عیسا هاوسەرگیری بە حەرام نەزانیوە و تەنانەت ژیانی گشتی بەوە دەستی پێکرد لە شاری خەلیل بەشداری ئاهەنگێکی هاوسەرگیری کردوو پیرۆزبایشی لێکردن[(٨)] ، تەنانەت کەنیسە هاوسەرگیری بەیەکێك لە حەوت نهێنیە پیرۆزەکەی خۆی هەژمار دەکات و هەندێك جاریش بەرزی دەکاتەوە بۆ پلەی نهێنی خودایی[(٩)] ، ئەوان بۆچونیان وایە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا تەنها دوو لایەنی ژن و مێرد بەشدار نین بەڵکو لایەنی سێهەمیش هەیە کە خودای گەورەیە و بەهۆی (روح القدس)ەوە پەیوەندیەکەیان گرێدەدات[(١٠)].

لەگەڵ ئەوانەشدا دەبینین دیاردەی گۆشەگیری و بانگەشەی ڕەبەنی هاتۆتە ناو کۆمەڵگای مەسیحیەوە، ئەویش لە ڕێگای (پۆڵس) [١١] ەوە کە بەیەکێك لە گرنگترین بانگەشەکارانی ئایینی مەسیحی دادەنرێت لە دوای مەسیح، ئەو پێیوایە هاوسەرگیری مەبەست نیە بەڵکو ڕێگایەکە بۆ خۆپاراستن لەتاوان و بەلای پۆڵسەوە ژیانی ڕەبەنی لە ژیانی هاوسەرداری باشترە و ئەو بۆچونەشی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندوە کە کەسانی ڕەبەن تەنها ڕازیکردنی خودایان لەلا مەبەستە بەڵام هاوسەرداران هەوڵی ڕازیکردنی هاوسەرەکانیشیان دەدەن، کەواتە ڕێگای ڕەبەنی زووتر ونزیکتر دەتگەیەنێت بە خودا [١٢]، لە چاخەکانی سەرەتای ئایینی مەسیحیدا ئەو بانگەشەیە کاریگەریەکی بەهێزی هەبوو و تا ڕادەیەك گەیشتبوە ئاستی توندڕەوی و حەرامکردنی هاوسەرگیری، بەڵام لەدواتردا ئەو بۆچونە توندە بەردەوام نەبوو و لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پەرچەکردار و بەرهەڵستکاری لە دژی ئەو بۆچونە دروستبوو هەتا لە سەدەی شانزەی زایینیدا (مارتن لوسەر)ی ڕابەری کەنیسەی پرۆتستانتی ڕایگەیاند کە هاوسەرگیری لە ڕەبەنی باشترە و گوتی: "باشترین دیاری خودا ژنێکی خۆشەویستی پارێزکارە کە لە خودا بترسێت وماڵ و منداڵەکەی خۆشبوێت، ئەو بۆچونەی لۆسەر لەلایەن پیاوانی کەنیسەوە پێشوازیەکی خێراو باشی لێکراو گەڕانەوە سەر ڕێگای ڕەسەنی مەسیح (سەلامی خودای لێبێت)، تەنانەت هەندێك لە ڕاڤەکەرە مەسیحیە هاوچەرخەکان پێیانوایە وازهێنان لە هاوسەرگیری سەرپێچی فەرمانی خودا و دەرچونە لە شەریعەتەکەی [١٣].

سێهەم: تێڕوانینی ئاینی ئیسلام بۆ هاوسەرگیری:-

به ووردبونەوە لە دەقەکانی قورئان و سوننەت وەك سەرچاوەی یەکەم و دووەمی ئایینی ئیسلام زۆر بە ئاشکرا بەهای هاوسەرگیریمان بۆ ڕووندەبێتەوە، لە ئیسلامدا هاوسەرگیری پێویستیەکی شەرعیە لە پێناو بەردەوام بوونی ژیان و گەشەی کۆمەڵگاکاندا، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمان بەبەندەکانی دەکات و دەفەرموێت: [وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ] [النور: ٣٢] واتە: (ژن مارە ببڕن بۆ پیاوانی بێ ژن و ژنانی بێ مێردیش بەشوو بدەن و ئەو کۆیلەو کەنیزەکانەی کە ئیماندار و چاکن ژنیان بۆ بهێنن و بەشوویان بدەن)، وەهەروەها دەفەرموێت: [وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا] [النساء: ٣]، واتە: (ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە حەڵاڵن بۆتان دووان یا سیان یان چوار، ئەگەر ترسان لەوەی دادگەر نەبن ئەوا یەك ئافرەت مارەبکەن لەوانەی کە ئازادن یان لەو کەنیزەکانەی کە موڵکتانن)، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: «هاوسەرگیری ڕێگا و سوننەتی منە و هەرکەسێك پشت لە سوننەتی من بکات ئەوکەسە شوێنکەوتەی من نیە[١٤]» ، وەهەروەها بەمەبەستی پاراستنی داوێنیان گەنج و لاوەکان هاندەدات بۆ هاوسەرگیری و دەفەرموێت: «ئەی گەنجینە هەرکەس لە ئێوە توانای هاوسەرگیری هەیە با هاوسەرگیری بکات، وە ئەگەر تواناشی نەبوو با بەڕۆژوو بێت چونکە ڕۆژوو باشترین کارێکە بۆ پاراستنی چاو و داوێن[١٥]» ، ئەمانە و چەندین ئایەت و فەرموودەی تر کە موسوڵمانان هاندەدەن بۆ هاوسەرگیری و خۆ بەدوورگرتن لە ڕەبەنی و تەنانەت هەندیکیان هەڕەشەئامێزن لەو کەسانەی کە واز لە هاوسەرگیری دەهێنن، هەر لەبەر ئەوەشە زۆرێك لە زانایانی ئیسلام هاوسەرگیری بە پێویست دەزانن بۆ کەسانێك کە ترسیان لە پاراستنی دامێنیان هەبێت[١٦].

لەکۆتایی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەرسێ ئایینی ئاسمانی تێڕوانینی ئەرێنیان هەیە بۆ هاوسەرگیری و فەرمانی پێدەکەن و بەپێویستی دەزانن تەنها ئەو لادانە کاتیە نەبێت کە لە ڕێگەی پۆڵسەوە ڕوویکردە ئایینی مەسیحی، ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو سێ ئایینە لە بنەڕەتدا یەك سەرچاوەیان هەیەو و هەموویان بۆ ئەوە دابەزیون کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا بگونجێن و گەشە و پێگەی کۆمەڵایەتی بپارێزن.

جێباسی دووەم

مەرجەکانی هاوسەرگیری لای ئاینە ئاسمانیەکان:

بۆ دروستبون و دامەزرانی گرێبەستی هاوسەرگیری هەرسێ ئایینی ئاسمانی کۆمەڵێك مەرجی شەرعیان داناوە کە پێویستە بونیان هەبێت لە پرۆسەکەدا و لە خودی ژن و مێردا، هەندێك لە مەرجەکان هاوبەشن لە نێوان هەرسێ ئایینەکەدا و هەندێکیشیان تایبەتن بە یەکێك یان دووان لەو ئایینانە، لەم جێباسەدا بەجیا ئاماژە بەمەرجەکانی هەریەکێك لەو ئایینانە دەکەین بۆ هاوسەرگیری و دواتر بەراووردێك دەکەین لەنیوان مەرجی ئایینەکاندا.

یەکەم: مەرجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینی جوولەکەدا:-

لە ئایینی جوولەکەدا چەندین مەرج دانراون بۆ دروستبون و دامەزراندنی هاوسەرگیریەکی شەرعی، لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین مەرج لەو مەرجانە دەکەین کە بریتین لە:

١. یەکێتی ئایین و ڕێباز: لە ئایینی جوولەکەدا دەبێت هەردووک هاوسەر جوولەکەبن و لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت یەک ڕێبازیان هەبێت، لای ئەوان هاوسەرگیری جوولەکەیەک لەگەڵ موسوڵمانێک و مەسیحیەکدا درووست نیە، تەنانەت هاوسەرگیری جوولەکەیەکی قوڕائی[١٧] لەگەڵ جوولەکەیەکی ڕەبانی[١٨]

دروست نیە چونکە ڕێبازیان جیاوازە، کەواتە لەلای ئەوان جیاوازی ڕێباز وەکو جیاوازی ئایین وایە، حای بن شەمعون لە کتێبی یاسا شەرعیەکانی باری کەسێتی جوولەکەکاندا و لەمادەی (١٧) دەڵێت: "ئاین و ڕێباز مەرجن بۆ دروستبونی گرێبەستی هاوسەرگیری و ئەگەر جیاوازی ئاین ورێباز هەبوو گرێبەستەکە بە پووچ دادەنرێت[١٩]."

٢. ڕەزامەندی ژن و مێرد: ئەگەرچی بەگوێرەی پەیمانی کۆنی جوولەکەکان (العهد القدیم[٢٠]) باوک گەورەی ماڵەو خۆی بڕیار لەبارەی کوڕو کچەکانیەوە دەدات، تەنانەت دەتوانێت بیشیان فرۆشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقی تر هەیە کە لە هاوسەرگیریدا ڕەزامەندی ژن و پیاو وەرگیراوە[٢١] ، لە ئێستاشدا جوولەکەکان لەسەر ئەوە دەڕۆن و لەکاتی پێگەیشتنیاندا بەبێ ڕەزامەندی کچ و کوڕ لە یەکتریان مارە ناکەن[٢٢].

٣. ئەو ئافرەتەی کە هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکرێت دەبێ بیسەلمێنیت کەپەیوەندی هاوسەرگیری لەگەل هیچ کەسێکی تردا نیە، ئەگەر پێشتریش هاوسەرگیری کردبوو ئەوا دەبێت بەڵگەی جیابوونەوە یاخود مردنی هاوسەرەکەی پێشتری بخاتە ڕوو پاشان دەتوانێت هاوسەرگیری بکات، لەو بارەیەوە لە مادەی (٣٥)ی یاسا شەرعیەکانی باری کەسێتی جوولەکەدا هاتووە: "هاوسەرگیری تەنها لەگەڵ ئافرەتی بێ هاوسەر یاخو ئافرەتێکدا دروستە کە بیسەلمێنێت مێردەکەی مردوە یاخود جیابوونەتەوە[٢٣]."

٤. نەبوونی لەمپەر و ڕێگری شەرعی وەکو خزمایەتی نزیک و چەند ڕێگرێکی تر[٢٤] ، سەبارەت بە ڕێگریی خزمایەتی تاقمە جوولەکەکان جیاوازیان هەیە سەبارەت بەو خزمانەی کە دروست نیە هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر هەردووک تاقمی سەرەکی قوڕائیەکان و ڕەببانیەکان وەرگرین وەک نمونە ئەوا دەبینین قوڕائیەکان کە بانگەشەی پابەندبوون بەدەقەکانی تەوراتەوە دەکەن تەنها ئەو خزمانە بە قەدەغە دەزانن کە لەو دەقانەدا باسکراون هیچی بۆ زیاد ناکەن ئەوەش بەپێچەوانەی ڕەببانیەکانەوە کە لەو بوارەدا دەرگای فراوانتریان کرۆتەوە و لە ڕێگەی قیاسەوە چەند خزمێکی تریشیان قەدەغە کردوە کە لەتەوراتدا ئاماژەی پێنەکراوە[٢٥].

ئەو ئافرەتە قەدەغەکراوانەش کە لەتەوراتدا باسکراون بریتین لە:

خێزانی باوک[٢٦] خوشک جا کچی باوک بێت یان دایک[٢٧] و دایکی ژن[٢٨] و کوڕەزا و کچەزا و خوشکی باوک و خوشکی دایک و ئامۆژن و بوک و براژن و کچی ژن و کۆکردنەوەی دوو خوشک بەیەکەوە لەلای یەک پیاو[٢٩] و کچێک کە جوولەکە نەبێت[٣٠].

بەگشتی خزمە قەدەغەکراوەکان لە لای ڕەبانیەکان کە لە ئێستادا کاریان لەسەر دەکرێت دوو جۆرن[٣١] :

جۆرێکیان لە بنەڕەتدا گرێبەستەکەیان دانامەزرێت و پێویستی بە جیابوونەوە نیە و ئەگەر منداڵیش هەبوو بە شەرعی دانانرێن، ئەوانیش بریتین لە: دایک و کچ و کوڕەزا و کچەزا و ژنی مام لەباوکەوە و کچی ژن و کچەزای ژن و کوڕەزای ژن و خەسو و دایکی خەسو و خوشکی باوک و خوشکی دایک و ژنی باوک و بوک و براژن و ژن خوشک.

جۆری دووەمیان گرێبەستەکەیان بەپووچ دادەنرێت و بە زۆرەملێ جیادەکرێنەوە بەڵام منداڵەکانیان بە نا شەرعی دانانرێن، ئەوانیش بریتین لە: نەنک و ژنی باپیر و ژنی کوڕەزا و ژنی کچەزا و کوڕەزازا و کچەزازا و بۆخوارتریش و کوڕەزازای ژن و کچەزازای ژن و نەنکی ژن لە باوک و دایکیەوە و نەنکی باپیر و ژنی مام لەدایکەوە و ژنی خاڵ[٣٢].

بەربەستەکانی تری هاوسەرگیریش جگە لە خزمایەنی بریتین لە:

أ. هەر پیاوێك زینای لە هاوسەرەکەی بینی دەبێت جیا بێتەوە و دروست نیە جارێکی تر هاوسەرگیری لەگەڵدا بکاتەوە[٣٣].

ب. دروست نیە بۆ ژن هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا بکات کە بەتەنیا لەگەڵیدا مابێتەوە یاخود زینای لەگەڵدا کردبێت[٣٤].

ت. دوای ئەوەی پیاو لە هاوسەرەکەی جیابۆوە ئەگەر ژنی تری هێنا ئەوا دروست نیە هاوسەرە کۆنەکەی بهێنێتەوە[٣٥].

ث. هەر ئافرەتێک لەدوای شوکردنی سێ جار لەسەر یەک لەکاتی جووتبوندا توشی سوڕی مانگانەبوو ئەوا لەمێردەکەی حەرام دەبێت[٣٦].

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاماژەمان پێکرد سەبارەت بە پابەندی قوڕائیەکان بە دەقەکانی تەوراتەوە بەڵام دەبینین لەم بابەتەدا ئەوانیش لەڕێگەی قیاسەوە یاسایان بۆ قەدەغەکراوەکان داناوە بە شێوەیەک کە لە تەوراتدا ئاماژەیان پێنەکراوە، ئەوەش بە ئاشکرا لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی قوڕائیەکاندا دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە ڕوسیا بەسترا، بەوەش قەدەغەیان لەسەر چەند کەسێک لابرد کە تا ئەو کاتە هاوسەرگیری لە گەڵیاندا درووست نەبوو. [٣٧]

بەکورتی لە ئێستادا لەلای قوڕائیەکان ئەم ئافرەتانە بە شێوەیەکی هەمیشەیی قەدەغەن بۆ هاوسەرگیری: دایک، ژنی باوک، کچ، خوشک، بوک، براژن، خوشکی دایک، خوشکی باوک، ئامۆژن، خاڵۆژن، کوڕەزا، بوکی کوڕ، کچەزا، بوکی کچ، برازا، بوکی برا، بوکی خوشک، خوشکەزا، برازا، کۆکردنەوەی ژن

لەگەڵ کچ و باجی و دایک و براژن و خوشک و برازا وخوشکەزا و کچەزا و بوکی کوڕەکەی و نەنکی لە باوک و دایکیەوە، وەهەروەها دروست نیە باوک وکوڕ دایک و کچێک یاخود دوو خوشک بهێنن، وە ئەو ئافرەتەی زینای لەگەڵدا دەکرێت دروست نیە شوو بەو کەسەبکات کە زینای لەگەڵ کردوە و نابێت شوو بە باوکو باپیر و کوڕ و کوڕەزاکانیشی بکات، وە دایک و نەنک و کچ و کوڕەزا و کچەزای ئافرەتەکەش لە پیاوەکە قەدەغە دەکرێت تەنانەت هەتا ئەو ئافرەتە لە ژیاندا بێت دروست نیە پیاوەکە خوشکەکەشی بهێنیت، وەهەروەها نابێت کاهینی پەرستگای جوولەکە ئافرەتی زیناکار و تەڵاقدراو و بێوەژن بهێنێت [٣٨].

٥. دەبێت پیاوەکە توانای سەرجێی و ژیانی هاوسەرێتی هەبێت[٣٩].

٦. دەبێت هەردووک هاوسەر ژیر بن، شێتبوونی یەکێک لە هاوسەرەکان دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیریەکە[٤٠] .

٧. ئافرەتی تەڵاقدراو و مێردمردوو دەبێت نەوەدو دوو ڕۆژ (عیدەی شەرعی) بەسەر بێوەژنیەکەیدا تێپەڕ ببێت پاشان بۆی هەیە شوو بکاتەوە، جا ئەو ئافرەتە منداڵ بێت یان بەتەمەن لەلای مێرد بێت یان نەیگواستبێتەوە، ئەگەر ژنەکە دووگیان بوو یان شیردەر بوو دروست نیە شوبکاتەوە هەتا سکەکەی دادەنێت یاخود منداڵەکەی بیستو چوار مانگ تەواو دەکات ئەگەر پێشتریش لە شیری بڕبێتەوە[٤١].

٨. پێویستە پیاو لە گرێبەستەکەدا پابەندبوونی خۆی دەربڕێ بە بڕێک مارەیی بۆهاوسەرەکەی، تەنانەت ئەو مارەییە لەلای قوڕائیەکان بە پایەی هاوسەرگیری دادەنرێت و بەبێ مارەیی گرێبستەکە بە پوچەڵ دادەنرێت[٤٢].

دووەم: مەرجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینی مەسیحیدا:-

بەهەمان شێوەی ئایینی جوولەکە لە ئایینی مەسیحیشدا چەند مەرجێکی بابەتی داندراون بۆ درووستبوونی گرێبەستی هاوسەرگیری، لێرەداو پشتبەستوو بە سەرچاوە مەسیحیەکان گرنگترین و سەرەکیترین ئەو مەرجانە دەخەینە ڕوو:

١. یەکێتی ئاین، هاوسەرگیری کوڕی مەسیحی لەگەڵ کچی جوولەکە یاخوود موسوڵمان یان شوێنکەوتەی هەر ئاینێکی تر دروست نیە، بە پێچەوانەشەوە درووست نیە کچێکی مەسیحی هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕیکی نا مەسیحیدا بکات[٤٣] ، لە ئێستاشدا یاساو ڕێساکانی کاسۆلیکی و ئەرسۆزۆکسیەکان لەسەر ئەوە دەڕۆن[٤٤] و بۆ ئەو بۆچونەشیان پشتیان بەستووە بە بڕیارەکانی کۆڕبەند و کۆبونەوەکانی مەسیحیەکان بە درێژای مێژوو و دەقێکی پەیمانی نوێی مەسیحیەکان (العهد الجدید) کە لەسەر زاری پۆلس هاتوە و دەڵێت: "مەچنە ژێر دەسەڵاتی بێباوەڕەکانەوە (ئەوانەی مەسیحی نیین) چونکە بەو کارە چاکە و خراپە تێکەڵ دەکەن و هاوبەشی دەخەنە نێوان تاریکی و ڕوناکی[٤٥]. "

٢. دەبێت هەریەکێک لە ژن و لە پیاو شایستەی هاوسەرگیری بن، واتە دەبێت پیاوەکە هەڵگری ئاکاری نێرینە و ژنەکەش هەڵگری ئاکاری مێینە بن[٤٦].

٣. ڕەزامەندی هەردووک هاوسەر، لە ئایینی مەسیحیدا ڕەزامەندی هاوسەران بە پایەی سەرەکی پەیوەندی ژن و مێردایەتی دادەنرێت، هاوسەرگیری تەنها بە ویستی سەرپەرشتیار و ڕێورەسمی کەنیسە تەواو نابێت بەڵکو دەبێت ویستی تەواوی هاوسەرەکانیشی لەگەڵدابێت، هەرسێک کەنیسەی ئەرسۆزۆکسی[٤٧] و کاسۆلیکی[٤٨] و پرۆتستانتی[٤٩] لەسەر ئەو بۆچونە هاوڕان، ئەگەرچی هەندێک لە یاساناسەکانیان ڕەزامەندی دایک و باوکیش بە پێویست دەزانن بۆ ئەو کچانەی کە تەمەنیان بیست ساڵ و کەمترە، وەهەندێکیشیان بەڕەهایی ڕەزامەندی دایک وباوکیان بەلاوە باشە[٥٠].

٤. دەبێت هاوسەرگیریەکە لەکەنیسە و بەئامادەبوونی قەشە ئەنجام بدرێت، چونکە هاوسەرگیری پەیوەندیەکی پیرۆزە و قەشەش بە نوێنەری دەسەڵاتی ئایینی دادەنرێت[٥١].

٥. دەبێت هەردووک هاوسەر تەمەنیان گونجاو بێت بۆ هاوسەرگیری، لەلای ئەرسۆزۆکسەکان دەبێت لانی کەم کوڕ هەژدە ساڵ و کچ شانزە ساڵ تەمەنیان هەبێت، کاسۆلیکیە ڕۆژهەڵاتیەکان و ئینجیلیەکان (پرۆتستانتەکان) دەڵێن دەبێت کوڕ شانزە ساڵ و کچ چواردە ساڵی تەواوکردبێت[٥٢] .

٦. سەبارەت بەڕێگرەکانی هاوسەرگیریش لە ئایینی مەسیحیدا چەند ڕێگرێک هەن کە بریتین لە:

لە هیچ دەقێکی ئینجیلدا نە مەسیح (سەلامی خوای لەسەر) و نە هاوەڵەکانیش ئاماژەیان بەوە نەکردوە کە خزمایەتی ڕێگربێت لە هاوسەرگیری، بەڵام بەو پێیەی کە ئایینی مەسیحی درێژکراوەی ئاینی جوولەکەیە و بە بۆچونی زاناکانی مەسیحی لە ئێستادا چەند خزمێک قەدەغەکراون بۆ هاوسەرگیری.

خزمی ڕاستەوخۆ بۆ سەرو خوار واتە باوک و دایک بۆ سەرەوە و کوڕو کچ بۆ خوارەوە درووست نیە هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکرێت.

سەبارەت بەو خزمانەی لە پەراوێزدان وەک خوشک و برا ئەوا هەموو تاقمە مەسیحیەکان یەکدەنگن کە تا پلەی سێهەم قەدەغەن بۆ هاوسەرگیری، بەهەمان شێوە نەوەکانی خوشک و براش ناشێن بۆ هاوسەرگیری.

لەلای قیبتیە ئەرسۆزۆکسەکان دروست نیە پیاو هاوسەرگیری لەگەڵ دایک و نەنکی هاوسەرەکەی یاخود کچ و کچەزا و کوڕەزاکەیدا بکات تەنانەت دوای مردنی هاوسەرەکەشی.

وەهەروەها دروست نیە هاوسەری باوکی یان دایکی هاوسەری یان نەنکی بهێنێت، تەنانەت ناتوانێت دایک و نەنک و کچ و کچەزا و کوڕەزای هاوسەری باوکی بهێنێت، بەهەمان شێوە درووست نیە ئامۆژن و خاڵۆژنیشی بهێنێت، وەهەروەها خوشکی خێزان و نەوەکانی و برازاکانی و نەوەکانیشی قەدەغەن، براژن خۆیی و نەوەکانی و دایکی و نەنکی قەدەغەن، پوری هاوسەر و ئامۆژنی و خاڵۆژنی و خوشکی باوە پیارەکەی و خوشکی بوک و خوشکی زاوا هەموو ئەوانە قەدەغەن.

بەڵام لەلای کاسۆلیکەکان تەنها باوک و باپیر و دایک و نەنکی هاوسەر و نەوەکانیان قەدەغەن و سەبارەت بە پەراوێزەکانیش هەتا پلەی چوارەم قەدەغەن.

سەبارەت بە شیرخواردن مەسیحیەکان هیچ ئافرەتێک بەهۆی شیرخواردنەوە قەدەغە ناکەن تەنها تاقمی سریانە ئەرسۆزۆکسەکان نەبێت پێیان وایە ئەگەر ژن دووساڵ لەسەر یەک و بێ پچڕان شیری دا بەکوڕێک ئەوا لە خۆیی و لەنەوەکانی قەدەغە دەبێت [٥٣].

زیناش ڕێگرێکی ترە لەبەردەم هاوسەرگیریدا لە ئایینی مەسیحیدا، ئەگەرچی ئینجیلیەکان پێیان وایە دەکرێت هەلی گەڕانەوە و پەشیمانبونەوە بدرێت بە ئافرەتی زیناکار و دەتوانێت شوو بکات بەڵام ئەرسۆزۆکسەکان دەڵێن زینا ڕێگرە لە شووکردنی ئافرەت جا بەوکەسەبێت کە زیناکەی لەگەڵدا کردوە یان بەهەرکەسێکی تر، و لەلای کاسۆلیکیەکانیش زینا دەبێتە ڕێگر لە شووکردن ئەگەر ژن وپیاوەکە بەڵێنیان بەیەکتری دابوو دواتر هاوسەرگیری بکەن یاخود هاوسەرە شەرعیەکەی ژنەکەیان کوشت [٥٤] .

کوشتنیش بە ڕەهایی لەلای ئەرسۆزۆکسەکان دەبێتە ڕێگر، هەرکەسێک یەکێک لە هاوسەرەکان بکوژێت بۆی نیە لەگەڵ ئەویتردا هاوسەرگیری بکات، بەڵام کاسۆلیکەکان تەنها لەکاتێکدا کوشتن بە ڕێگر دادەنێن کە بە ئاگادری و هاوکاری هاوسەرەکەی ئەنجامدرابێت [٥٥].

سێهەم: مەرجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینی ئیسلامدا:-

لە ئاینی ئیسلامیشدا بەهەمان شێوەی جوولەکە و مەسیحیەت چەند مەرجێکی بابەتی داندراون بۆ هاوسەرگیری، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەگرنگترینیان دەدەین:

١. ڕەزامەندی ئافرەت: لە ئایینی ئیسلامدا ڕەزامەندی ژن بەهەند وەرگیراوە و هەر هاوسەرگیریەک بەبێ پرس و ڕەزامەندی ئەو بکرێت دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات و گرێبەستەکەیان هەڵبوەشێنێتەوە [٤٦] ، ئەو بۆچونەش پشتبەستوە بە فەرمودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کەدەفەرموێت: «بێوەژن بەشوو نادرێت هەتا فەرمان لەخۆی وەردەگیرێت و کچیش بە شوو نادرێت هەتا مۆڵەتی لێ وەرنەگیرێت، مۆڵەتەکەشی بێدەنگبونیەتی [٤٧]» ، ئەم فەرموودەیە و چەندین فەرموودەی تریش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ڕەزامەندی ژن مەرجە بۆ دامەزراندن و درووستی گرێبەستی هاوسەرگیری.

٢. ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری کچ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەزامەندی کچ مەرجە بۆ درووستبوونی هاوسەرگیری بەهەمان شێوە ڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەشی لەلای زۆرینەی زانایانی ئیسلام لە هاوەڵان و پێشەوایان بە مەرج داندراوە و گرێبەستی هاوسەرگیریش بەبێ ئەو مەرجە دانامەزرێت، بۆ ئەمەش چەندین بەڵگەمان لە قورئان و سوننەتدا هەیە، لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت: [وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ] [النور: ٣٢]، لەم ئایەتەدا خوای گەورە ڕوو دەکاتە پیاوان و دەفەرموێت: "ژنانی بێ مێرد بەشوو بدەن"، ئەگەر ژن بیتوانیایە خۆی بەشوو بدات بەدڵنیاییەوە خوای گەورە ڕاستەوخۆ داوای لەخۆیان دەکرد نەک لە سەرپەرشتیارەکەیان، وە پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: «هاوسەرگیری بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیار درووست نیە [٥٨]. »

٣. ئامادەبوونی دوو شاهیدی دادگەریش مەرجە بۆ درووستبوونی هاوسەرگیری، ئەوەش بۆچونی زۆرینە زانایان و پێشەوایانە وەک ئەبو حەنیفە و شافعی و مالیک و ریوایەتێکە لە ئەحمەدە و نەخەعی و سەوری و ئەوزاعی [٥٩].

٤. مارەییش یەکێکە لەمەرجەکانی درووستبونی هاوسەرگیری، ئەگەرچی لەلای زۆرینەی زانایان باسکردنی مارەیی لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا بەمەرج دانەنراوە بەڵام زانایان هەموویان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی باسکردنی مارەیی سوننەتە و ئەگەر باسیش نەکرێت بەگواستنەوەی ژنەکە ڕاستەوخۆ مارەییەک واجب دەبێت بە ئەندازەی مارەیی کەسە نزیکەکانی [٦٠].

٥. دەبێت گرێبەستەکە بۆ هەتاهەتایە بێت و نابێت کاتی بێت [٦١].

٦. نەبونی ڕێگری بەهۆی خزمایەتی و ژنخوازی و شیرخواردن، ئەوانەی بەهۆی خزمایەتیەوە قەدەغەکراون بریتین لە: (دایک هەرچەند بۆ سەرەوە برووات و کچ هەرچەند بۆ خوارەوە برِوات و خوشک وخوشکی باوک و خوشکی دایک و برازا و خوشکەزا [٦٢]) ، وە ئەوانەش کە بەهۆی ژن و ژنخوازیەوە قەدەغەکراون بریتین لە: (دایکی ژن و کچی ژن و ژنی کوڕ یان کوڕی کوڕ و بۆخوارەوە و ژنی باوک یان باپیر [٦٣]) ، هەموو ئەوانەش کەبەهۆی خزمایەتیەوە قەدەغەن بەهۆی شیرخواردنیشەوە قەدەغە دەبن، ئەویش بەوە دەبێت کە منداڵەکە لەتەمەنی خوار دوو ساڵیدا پێنج جار لەشیری ژنەکە تێر بخوات، وەهەروەها مەرجە ئەو ئافرەتە لە عیدەی جیابوونەوە یان مردندا نەبێت، وەنابێت دووخوشک [٦٤] یان کچ و پور(خوشکی دایک و باوک [٦٥]) بەیەکەوە کۆبکاتەوە، وەهەروەها هاوەڵپەیداکردنیش بۆ خودا ڕێگرە لەهاوسەرگیری [٦٦].

ئەوەی کەباسمان کرد گرنگترین مەرجەکانی هاوسەرگیری بوون لە ئایینی ئیسلامدا پشتبەستوو بەقورئان و سوننەت وەک دوو سەرچاوەی سەرەکی شەریعەتی ئیسلام.

لەکۆتایی ئەم باسەدا ئەگەر بمانەوێت بەراووردێک بکەین لەنێوان مەرجەکانی هاوسەرگیری لە سێ ئایینە ئاسمانیەکاندا بۆ ئەوەی جیاوازیەکانمان بۆ دەربکەوێت دەکرێت لەم چەند خاڵەدا بەراووردەکەمان کورت بکەینەوە:

أ. جیاوازی ئایین بەرەهایی رێگرە بۆ هاوسەرگری لەلای جوولەکە و مەسیحیەکان بەڵام لە ئیسلامدا بەو رەهاییە نیە و دروستە پیاوی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی جوولەکە و مەسیحیدا بکات، وەهەروەها جیاوازی رێباز کە لەلای جوولەکەکان رێگرە بەڵا م لە ئیسلام و مەسیحیەتدا رێگر نیە.

ب. لە ئیسلامدا ئەو ئافرەتانەی کە قەدەغەکراون بۆ هاوسەرگیری لە قورئان و سوننەتدا بەدەق ناویان هاتوە، بەڵام لە جوولەکەو مەسیحیەتدا زۆرێک لەقەدەغەکراوەکان بە بۆچونی زاناکانیان و کۆربەندە ئاینیەکانیان دیاریکراون.

ت. لە ئیسلامدا زیناکردنی ژن نابێتە هۆی جیابونەوەی هاوسەران بەپێچەوانەی جوولەکە و مەسیحیەت.

ث. لە ئایینەکاندا جیاوازی لە ماوەی عیدەی شەرعیدا هەیە.

ج. لە ئایینی مەسیحیەتدا بە جیاوازی رێبازەکانیان تەمەنێک دیاری کراوە بۆ هاوسەرگیری چ بۆ کوڕ و چ بۆ کچ ئەمەش بەپێچەوانەی جوولەکە و ئیسلام کە تەنها مەرجی پێگەشتنیان داناوە بۆهاوسەرگیری.

ح. لە ئایینی ئیسلامدا بوونی دوو شایەت مەرجە لەکاتی گرێبەستەکەدا بەڵام لە دوو ئایینەکی تردا هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە.

خ. لە ئیسلام و جوولەکەدا مارەیی بەمەرج داندراوە.

## جێباسی سێهەم

## ئامانجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینە ئاسمانیەکاندا

لە هەریەک لە ئایینی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامدا هاوسەرگیری کردارێکی ئامانجدارە، لەم باسەدا ئامانج و مەبەستەکانی هاوسەرگیری لە سێ ئاینە ئاسمانیەکەدا دەخەینەڕوو.

### تەوەری یەکەم: ئامانجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینی جوولەکەدا:-

بەگوێرەی سەرچاوە ئایینیەکانی جوولەکە هاوسەرگیری چەند ئامانجێکی هەیە و لەم تەوەرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین:

١. هاوسەرگیری هۆکارێکە بۆ دروستکردنی خێزان، لە پەیمانی کۆندا هاتوە کە خوای گەورە فەرمویەتی: "باش نیە ئادەم بەتەنها بێت، هاوشێوەیەکی بۆ دروست دەکەم تا ببێتە هاوکاری[٦٧]" ، وەهەروەها هاتوە: "خودا حەوائی لە یەکێک لە پەراسوەکانی ئادەم دروست کرد بۆ ئەوەی هیچیان لەوی تریان بێپێویست نەبن، هەربۆیە دەبینین پیاو واز لە باوک و دایکی دەهێنێت و بە ژنەکەیەوە دەلکێت هەتا وەکو یەک جەستەیان لێدێت[٦٨]. "

٢. هاوسەرگیری هۆکارە بۆ وەچە خستنەوە و گەشەی کۆمەڵگاکان، لە پەیمانی کۆندا خودا ڕووەدەکاتە حەواء و دەڵێت: " بەئێش و ئازارەوە چەندین منداڵت دەبێت[٦٩]" وەک ئاماژەیەک بۆ ئەرکی ژن لەکۆمەڵگادا، وەهەروەها لەدەقێکی تردا خوای گەورە ڕوو دەکاتە ئادەم وحەواء و دەفەرموێت: "بەرهەمداربن وزیادبکەن و زەوی پڕبکەن و بیخەنە خزمەتی خۆتانەوە[٧٠]" ، لە مەوسوعەی یەهودیدا هاتوە: "یەکەم هۆی بوونی دوو ڕەگەزی نێر و مێ پێویستی گەشەکردنی کۆمەڵگایە مرۆڤ لە ئافرەت دەبێت و ئەرکی سەرەکی ئافرەتیش منداڵ بوونە، ژنی باش و دایکی باش لەلایەن مێرد و منداڵەکانیانەوە ستایش دەکرێن[٧١]. "

### تەوەری دووەم: ئامانجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینی مەسیحیدا:-

گرنگترین ئامانج و مەبەستەکانی هاوسەرگیری لە ئاینی مەسیحیدا بریتین لە:

١. وەچەخستنەوە، ئەکلیمینصی ئەسکەندەری[٧٢] کە زانایەکی مەسیحیە دەڵێت: "هاوسەرگیری یەکەم پەیوەندیە لە نێوان ژن و پیاودا بەمەبەستی خستنەوەی منداڵی شەرعی"، قەشە ئۆغستینۆس[٧٣] ڕای وایە لەگەڵ ئەوەشدا کە خستنەوەی منداڵ ئامانجی سەرەکی هاوسەرگیریە بەڵام لەکاتی نەبوونی منداڵیشدا ڕیگە بە جیابوونەوە نادرێت، چونکە پەیوەندی هاوسەرگیری پەیوەندیەکی زۆر بەهێزە[٧٤].

٢. دروستکردن و پێکهێنانی کۆمەڵگا، ئامانجی هاوسەرگیری مەسیحی تەنها وەچەخستنەوە نیە، بەڵکو دروستکردنی کۆمەڵگا و هارکاریکاری کۆمەڵایەتیش ئامانجێکی تری ئەو هاوسەرگیریەیە[٧٥] ، هەروەکو لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە: "هاوشێوەیەک بۆ ئادەم درووست دەکەم هەتا ببێتە هاوکار و دەستباری[٧٦]. "

٣. لە ئایینی مەسیحیدا هاوسەرگیری ڕێگایە بۆ خۆپاراستن لە زینا و داوێنپیسی، لە پەیمانی نوێی مەسیحیەکاندا و لە نامەی یەکەمی پۆڵس بۆ خەڵکی کورنسۆسدا هاتووە دەڵێت: "بۆ خۆپاراستن لە زینا باش وایە هەموو پیاوێک ژنێکی هەبێت و هەموو ژنێکیش پیاوێکی هەبێت[٧٧]" ، وەهەروەها دەڵێت: "ئەوانەی هاوسەریان نیە و خۆیان پێ ناگیرێت واباشە هاوسەرگیری بکەن[٧٨]. "

تەوەری سێهەم: ئامانجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینی ئیسلامدا:-

لە ئاینی ئیسلامیشدا هەروەکو ئاینەکانی تر هاوسەرگیری چەند ئامانجێکی هەیە گرنگترینیان بریتین لە:

١. چێژوەرگرتنی سۆزداری و سێکسی، قورئانی پیرۆز زۆر بەڕاشکاوی ئاماژە بە پەیوەندی سۆزداری نێوان هاوسەران دەکات و ئافرەتان بە ئارمگای پیاوان دادەنێت، خوای گەورە دەفەرموێت: [هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلًا خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ فَلَمَّا أَثْقَلَتْ دَعَوَا اللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحًا لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ] [الأعراف: ١٨٩]، واتە: (خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی لەیەک کەس کە ئادەمە دروست کردوە و هەر لەویش هاوسەرەکەی بەدیهێنا هەتا لەلای ئارامبگرێت)، وەهەروەها لەبەر گەرموگوڕیو بەهێزی پەیوەندی سێکسی نێوان هاوسەران خوای گەورە هەردووکلای بە پۆشاکی ئەویتر چواندووە و دەفەرموێت:[ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ] [البقرة: ١٨٧]، واتە: (ئافرەتان بۆ ئێوە پۆشاکن و ئێوەش بۆ ئەوان پۆشاکن) .

٢. وەچەخستنەوە و زۆربوونی ئومەتی ئیسلامی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی یەکێکە لە ئامانجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینی ئیسلامدا، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ اللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ] [النحل: ٧٢]، واتە: (وە خوا لەڕەگەزی خۆتان هاوسەری بۆ بەدیهێناون وە لە هاوسەرەکانتان کوڕ و نەوەی بۆ فەراهەمهێناون).

٣. دروستکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت و شارستانیەتیش یەکێکی ترە لە ئامانجەکانی هاوسەرگیری، چونکە هەموو کۆمەڵگایەک لە چەند خێزانێک پێک دێت و خێزانیش لە ئەنجامی هاوسەرگیری دروست دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: [يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ] [الحجرات: ١٣]، واتە: (ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێیەک درووست کردوە و کردومانن بە چەند گەل و هۆزێکەوە تا یەکتری بناسن).

٤. ڕێگری لە زینا و داوێنپیسی تێکەڵبوونی وەچە و نەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) فەرمویەتی: «ئەی گەنجینە هەرکەس لە ئێوە توانای هاوسەرگیری هەیە با هاوسەرگیری بکات، وە ئەگەر تواناشی نەبوو با بەڕۆژووبێت چونکە رۆژوو باشترین کارێکە بۆ پاراستنی چاو و دامێن[٧٩]»" ، وە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر کرد کاتێک پەیمانی موسوڵمانبونی لە ئافرەتان وەرگرت لەسەر چەند مەرجێک پەیمانیان لێ وەربگرێت یەکێک لەو مەرجانەش ئەوەبوو: [وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ] [الممتحنة: ١٢]، واتە: (هیچ جۆرە بوهتانێک هەڵنەبەستن لە نێوان دەست و پێیاندا)، ئیبن عەبباس لەسەر ئەو ئایەتە دەفەرموێت: "واتە منداڵی کەسی تر نەکەن بە منداڵی مێردەکەیان واتە وەچەکان تێکەڵ نەکەن[٨٠] "

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی هەرسێ ئایینی ئاسمانی لە ئامانجەکانی هاوسەرگیریدا یەک دەگرنەوە تەنها ئەوە نەبێت لە ئایینی مەسیحیدا ئامانجی یەکەمی هاوسەرگیری وەچەخستنەوەیە نەک سۆزداری و حەزی سێکسی، چونکە لای مەسیحیەکان ڕەبەنی باشترە لە هاوسەرداری مەگەر بۆ کەسانێک کە خۆیان پێنەگیرێت و ترسی زینایان هەبێت، ئەو لێکچونەش کە لە ئامانجەکانی هاوسەرگیریدا بەدیدەکرێت لە هەرسێ ئایینەکەدا دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو ئاینانە یەک سەرچاوەیان هەیە و لە بنەڕەتدا ئاینی سروشتی پاکی مرۆڤن.

جێباسی چوارەم:

کاریگەری ئامانجە ئاینیەکانی هاوسەرگیری لەسەر بەختەوەری خێزان لە دیدی توێژەرەوە:

بەخوێندنەوەی مەرج و ئامانجەکانی هاوسەرگیری لە ئاینە ئاسمانیەکاندا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی گشتی لێکچون و نزیکیەکی زۆر هەیە لە نێوان مەرج و ئامانجەکانی هەریەک لە سێ ئاینەکە، ئەویش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سەرچاوەی ئاینە ئاسمانیەکان لە بنەڕەتدا یەکێکە و هەرسێکیان لەلایەن خوداوە دابەزیون، گومانیش لەوەدا نیە یاسا و ڕێسایەک لەلایەن خودای بەدیهێنەرەوە بێت تەواو لەبەرژەوەندی مرۆڤەکانە و مایەی بەختەوەری دونیا و دوارۆژیانە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە بانگەشەکارانی بەڕەڵلایی و ئازادی ڕەها داوای دەکەن و خەڵکی هاندەدەن بۆ دوورکەوتنەوە لە

پابەندبونە شەرعیەکان لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا و هەموو دروشم و مەرج و ئامانجە شەرعیەکان نادیدە دەگرن و پێیان وایە ئەو پابەندبونانە نیشانەی دواکەوتویی و کۆنەپەرستیە، ئەگەر خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ مەرج و ئامانجە سەرەکیەکانی هاوسەرگیری بکەین لە سێ ئایینەکەدا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت ئەو مەرج و ڕێنماییانە کاریگەری کارایان هەیە لەسەر بەختەوەری خێزان و دووربوون لەکێشە و ئاریشەی خێزانی:

١. یەک ئایینی وەک مەرجی هاوسەرگیری لەلای جوولەکە و مەسیحیەکان و مەرجی موسڵمانان بۆ شووکردن هۆکارە بۆ بەختەوەری خێزان و فەراهەمهێنانی ژیانێکی ئارام، لەکاتێکدا هاوسەران هاوئاینن بۆچونی هزری و ڕەفتاری ڕۆژانەیان لێک نزیک دەبێت و بەشێوەیەکی ئاسانتر منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن.

٢. ڕەزامەندی ژن و مێردیش وەک ئامانجێکی هاوبەشی سێ ئاینەکەهۆکارێکی ترە بۆ بەختەوەری خێزان، چونکە گومان لەوەدا نیە هاوسەرگیری زۆرە ملێ ئەنجامەکەی جیابوونەوەیە ئەگەر جیابونەوەش نەبێت ئارامی لەماڵدا ناهێڵێت، بە ئەزموون بۆمان دەرکەوتوە مرۆڤ دەتوانێت بە زۆرەملێ جەستەی کەسێک بەدەست بهێنێت بەڵام هەرگیز ناتوانێت دڵی بەدەست بهێنێت، ئەگەر دڵیش بەدەست نەهات خۆشەویستی نابێت و سەرەنجامیش بەختەوەری لەماڵدا نامێنێت.

٣. ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری کچ و بە ئاگابونی سەرپەرشتیاری کوڕیش هۆکارێکی تری بەختەوەری خێزانە، گوتمان بەبێ ڕەزامەندی کچ و کوڕ هاوسەرگیری دانامەزرێت بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ڕەزامەندی باوک و سەرپەرشتیاران نادیدە بگیرێت، بە پێچەوانەوە ڕەزامەندی سەرپەرشتیارانیش گرنگی خۆی هەیە لە ئارامی و سەقامگیری ژیانی خێزانیدا و کەمکردنەوە و کپکردنی کێشە و ئاریشەکانی ناو خێزانەکاندا، تەنانەت زۆرێک لە کێشەکان بەبێ هاتنەناوەوەی کەس و کار چارەسەریان نیە.

٤. هەرسێک ئایین کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو ئافرەتانەی خوازبێنی دەکرێن نابێت پەیوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێکی تردا هەبێت و تەنانەت نابێت لە عیدەی مێرد مردن و جیابونەوەشدا بێت ئەویش دیسانەوە هۆکارێکە بۆبەختەوەری و دووركەوتنەوە لە کێشەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تێکەڵبونی وەچەو چەندین کێشەی تر کەشیرازەی خێزان تێک دەدەن.

٥. توانای سێکسیش وەک مەرجێک و ئامانجێکی هاوسەرگیری هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەختەوەری خێزان، چونکە جوتبوون و کاری سێکسی شەرعی مایەی ئارامی دەروونە و بەشێکی زۆر لە کێشەکانی خێزان لەگەڵ خۆیدا دەبات و ئەو ئارامیەش بە شێوەیەکی ئەرێنی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ دەداتەوە و دەبێتە مایەی خۆشەویستی و پەیوەندی توند و تۆڵی نێوان هاوسەرەکان و بەوەش خێزانێکی بەختەوەر درووست دەبێت.

٦. مارەییش ئەگەر بەشێوەیەکی ئەرێنی بۆی بڕوانین هۆکارێکی تری بەختەوەری خێزانە، ڕاستە ئیسلام هاوسەران هاندەدات بۆ ئەوەی بڕی مارەییەکەیان کەمبێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕێگر نیە لەوەی ئافرەتان بە ویستی خۆیان داوای مارەیی بکەن و زۆرجاریش ئەو مارەییە وەک دیاریەک لەلایەن پیاوانەوە بەویستی خۆیان دیاری دەکرێت و لەو بڕەش زیاترە کە ئافرەتەکە داوای دەکات، بێگومان ئەوەش دەبێتە مایەی زیادکردنی خۆشەویستی نێوان هاوسەرەکان، زۆرجاریش لەکاتی پێویستی پیاواندا هاوسەرەکانیان بەمارەییەکانیان بونە پاڵپشتیان و لە قەیرانەکانیان ڕزگاریان کردوون و ئەویش دیسانەوە بوەتە مایەی خۆشەویستی نێوان هاوسەرەکان و بەختەوەری خێزان.

٧. بوونی شاهید لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیریدا یاخود ڕاگەیاندنی هاوسەرگیریەکە لەناو خەڵکدا نیشانەی ئەوەیە هەردووک هاوسەر و خێزانەکانیشیان شانازی بەو هاوسەرگیریەوە دەکەن، لەلایەکی ترەوە هەردووک لا هەست بە چاودێریەک دەکەن بەسەر هاوسەرگیریەکەیانەوە و ئەویش هاندەرە بۆ خۆشگوزەرانی خێزان و دووربون لە کێشە.

٨. ئایینەئاسمانیەکان ڕێگە بەگرێبەستی کاتی نادەن و پێویستە هاوسەرگیری بۆ درێژایی تەمەن بێت، چونکە گرێبەستە کاتیەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کاتی دادەمەزرێن و پاڵنەری سۆزو خۆشەویستیان نیە، هەرلەبەر ئەوەیە دەبێت گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ تەمەن بێت، بەوەش خۆشەویستی و دڵسۆزی نێوان هاوسەران زیاتر دەبێت و خێزانەکان بەرەو بەختەوەری دەبات.

٩. ئامانجێکی تری هاوبەشی نێوان ئایینەکان لە هاوسەرگیریدا بریتیە لە وەچەخستنەوە و دروستکردنی خێزان، بوونی منداڵ لەدوای هاوسەرگیری پەیوەندی نێوان هاوسەران بەهێزتر دەکات و خۆشەویستیشیان گەرمتر دەکات، ئارامی زیاتر بەماڵ دەبەخشێت، منداڵ بەهرەیەکی گەورەی خودایە و تەنها ئەوانە هەستی پێدەکەن لێی بێبەشن، ماڵێک منداڵی تێدابێت دوورە لە دڵەڕاوکێ و خەم و پەژارە، هەمیشە ئاوەدان و خۆشگوزەرانە .

**دەرئەنجامەکان:-**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. هەرسێ ئاینی ئاسمانی تێڕوانینی ئەرێنیان هەیە بۆ هاوسەرگیری و فەرمانی پێدەکەن.

٢. لەلای جوولەکە و مەسیحیەکان جیاوازی ئاین بەرەهایی ڕێگرە لە هاوسەرگیری، بەڵام لە ئیسلامدا بەو رەهاییە نیەو دروستە پیاوی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی جوولەکە و مەسیحیدا بکات.

٣. لەهەرسێ ئایینی ئاسمانیدا هاوسەرگیری پرۆسەیەکی ئامانجدارەو هەمووشیان لەسەر مەبەست و ئامانجە شەرعیەکانی هاوسەرگیری یەکدەنگن.

٤. ڕەچاوکردنی مەرج و ئامانجەکانی هاوسەرگیری کاریگەری هەیە لەسەر بەختەوەری خێزان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوسەرگیری.

٥. لێکچونی بۆچونی ئاینەکان سەبارەت بەمەرج و ئامانجەکانی هاوسەرگیری بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە بنەڕەتدا هەرسێ ئاین یەک سەرچاوەیان هەیە.

**ڕاسپاردەکان:-**

١. ڕەچاوکردنی مەرج و ئامانجە شەرعیەکان لە یاسای باری کەسێتیدا بە تایبەتی یاساکانی هاوسەرگیری.

٢. کردنەوەی خول بۆ هاوسەرە تازەکان سەبارەت بە ژیانی هاوسەرگیری و ڕەچاوکردنی ئامانجە شەرعیەکانی.

٣. ئاشناکردنی منداڵ و نەوجەوانان بەمەبەست و ئامانجە شەرعیەکانی هاوسەرگیری لەڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

**ملخص البحث**

يتناول هذا البحث نظرة الأديان السماوية الثلاثة (اليهودية، المسيحية، الإسلام) إلى الزواج باعتباره الخطوة الأولى لتكوين الأسرة، ويتطرق إلى ذكر شروط وأهداف الزواج عند كل من الأديان الثلاثة. والهدف من البحث توضيح وحدة الهدف والمقصد من عملية الزواج عند الأديان السماوية وذلك لوحدة مصدرهم أساسًا ويتبين لنا من خلال هذا البحث المتواضع أن معظم قوانين العالم المعاصر لا يراعي تلك الشروط والأهداف بل إنه بالعكس تحت شعار التحرر والتقدم يعادى الشروط والأهداف الدينية للزواج التى أقرها دين أكثرية المواطنين، ويظهر من البحث أيضًا أن الأديان السماوية متفقون إلى حد كبير في نظرتهم للزواج وفي شروطه وأهدافه. والمنهج المتبع في البحث هو المنهج الاستقرائي والتحليلى ومقارنة الأحكام عند الحاجة. ويستنتج من البحث أن الشروط والأهداف الدينية للزواج لها تأثير فعال في السعادة الزوجية وأن الأديان السماوية لها أصل واحد وأنها في الأمور المهمة يتحدون في المقصد.

Abstract:-

This paper indicate the view of the three monotheistic religions (Judaism, Christianity and Islam) to marriage as the first step to the formation of the family, and addresses the conditions and objectives of marriage in each of the three religions. The purpose of the research is to clarify the oneness of purpose and purpose of the marriage process in the monotheistic religions and to the oneness of their source basically. The research shows that most of the laws of the contemporary world do not observe these conditions and objectives, but rather under the slogan of emancipation and progress they against the religious conditions and goals of marriage, which was approved by the religion of the majority of citizens, and the research also shows that the religions are largely in agreement with their view of Marriage and in its terms and objectives. The methods used in the research are the inductive and analytical methods and the comparison of judgments when needed. The research concludes that the religious conditions and objectives of marriage have an effective effect on marital happiness and that heavenly religions have one origin and that in important matters they challenge the destination

**پەراوێزەکان:-**

١. سیفری تەکوین: ١/٤.

٢. سورەتی البقرة: ٣٥

٣. صابر أحمد طه، نظام الأسرة في اليهودية والنصرانية والإسلام، نهضة مصر، القاهرة، ٢٠٠٠م، لا١٠.

٤. بریکاری حاخامەکانی میصر بووە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و لە ساڵی ١٩١٢ز کتێبێکی سەبارەت بەیاساکانی باری کەسێتیجوولەکەکان نوسیوە، بڕوانە: فردینان توتل، المنجد فی الأدب والعلوم، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩٥٦م، لا١٤٩.

٥. حای بن شمعون، الأحكام الشرعية في الأحوال الشخصية للإسرائيليين، كوهين و روزنتال، القاهرة، ١٩١٢م،لا ٧.

٦. محمد سكرى سرور، نظام الزواج في الشرائع اليهودية والمسيحية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٧٩م، لا ٦٣.

٧. ئینجیلی متى: ١٧/٥.

٨. ئینجیلی یوحنا: ١/٢.

٩. صابر أحمد طه، نظام الأسرة في اليهودية والنصرانية والإسلام، نهضة مصر، القاهرة، ٢٠٠٠م، لا ٣٤.

١٠. الأنبا غريغوريوس، الزواج فی المفهوم المسيحي، شركة الطباعة المصرية، العباسية، ٢٠٠٣م، لا ٦.

١١. ناوی شائوله و سەرەتا کەسێکی جوولەکە بوو و دوژمنی سەرسەختی مەسیحیەکان بوو، بەڵام لە ساڵی (٣٣ز) لەسەر ڕێگای دیمەشق هەڵگەڕایەوە و بوو بەمەسیحی، دواتر بوو بە یەکێک لەهەرە بانگخوازە بەناوبانگەکانی مەسیحیەت و ئەو ئایینە گەیاندە زۆربەی ناوچەکانی دەرەوەی فەلەستین. بڕوانە: فردینان توتل، المنجد فی الأدب والعلوم، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩٥٦م، لا ٩١ .

١٢. محمد سكرى سرور، نظام الزواج في الشرائع اليهودية والمسيحية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٧٩م، لا٦٨.

١٣. هەمان سەرچاوە، لا٧٠.

١٤. محمد بن يزيد القزويني، سنن ابن ماجة، دارالفكر، بيروت، د.ت، ب١، لا ٥٩٢، باب ماجاء في فضل النكاح، ژمارەی فەرمودە: ١٨٤٦ .

١٥. محمد بن اسماعيل البخاري، صحيح البخاري، دار طوق النجاة، بيروت، ١٤٢٢هـ، ب٣، لا ٢٦، باب الصوم لمن خاف على نفسه العزب ژمارەی فەرمودە: ١٩٠٥، ومسلم بن الحجاج النيسابوري، صحيح مسلم، دار إحياء التراث العربي، بيروت، د.ت، ب٢، لا ١٠١٨، باب استحباب النكاح لمن تاقت نفسه، ژمارەی فەرمودە: ١٤٠٠.

١٦. أبو مالك كمال بن السيد سالم، صحيح فقه السنة، المكتبة التوفيقية، القاهرة، ٢٠٠٣م، ب٣، لا ٧٤، ٧٥.

١٧. ئەو ناوە لە ووشەی (قرائيم) ی عیبری وەرگیراوە و مەبەست لێی ئەوەیە کە ئەو تاقمە تەورات دەخوێننەوە، ئەوان شوێنکەوتەی کەسێکن بەناوی (عەنانی کوڕی داود) کە لەسەردەمی ئەبو جەعفەری مەنصوردا لە بەغداد ژیاوە و لەکۆتایی سەدەی هەشتی زاینیدا کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: سعود بن عبدالعزيز الخلف، دراسات فی الأديان، اليهودية والنصرانية، أضواء السلف، الرياض، ١٤٢٧هـ/٢٠٠٦م)، لا١٤٥، ١٤٦.

١٨. ڕەبانیەکان تاقمێکی توندڕەو و گۆشەگیرن و زیاتر سەرقاڵی کاروباری شەریعەتن و ئەوان قەاعەتیان وایە کە لەهەموو بابەتێکداخودا ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵدا دەکات، تاقی فەریسیەکانیش درێژکراوەی ڕەبانیەکانن و زۆربەی حاخام و زاناکانی جوولەکە لەو تاقمەن. بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لا١٤٤.

١٩. حای بن شمعون، الأحكام الشرعية في الأحوال الشخصية للإسرائيليين، كوهين و روزنتال، القاهرة، ١٩١٢م، مادەی (١٧)، لا ٧.

٢٠. سیفری خروج: ٢١/ ٧، ٨.

٢١. سیفری تەکوین: ٥٨/٢٤.

٢٢. حای بن شمعون، الأحكام الشرعية في الأحوال الشخصية للإسرائيليين، كوهين و روزنتال، القاهرة، ١٩١٢م، مادەی (٣٤)، لا١١.

٢٣. هەمان سەرچاوە، مادەی (٣٥)، لا١١.

٢٤. هەمان سەرچاوە، مادةی (٣٧)، لا١٢.

٢٥. محمود عبد السميع شعلان، نظام الأسرة بين المسيحية والإسلام، دار العلوم، الرياض، ١٤٠٣هـ/١٩٨٣م، ب١، لا ٢٥٤.

٢٦. سیفری تثنية: ٣٠/٢٢.

٢٧. سیفری ثنية:٢٢/٢٧.

٢٨. سیفری تثنية: ٢٣/٢٧.

٢٩. سیفری لاویین: ١٠/١٨، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨.

٣٠. سیفری تەکوین: ٣٤/٢٦، ٣٥.

٣١. صابر أحمد طه، نظام الأسرة في اليهودية والنصرانية والإسلام، نهضة مصر، القاهرة، ٢٠٠٠م، لا٢٠.

٣٢. حاى بن شمعون، الأحكام الشرعية في الأحوال الشخصية للإسرائيليين، كوهين و روزنتال، القاهرة، ١٩١٢م، مادەکانی (٣٨، ٣٩، ٤٠)، لا١٢، ١٣.

٣٣. هەمان سەرچاوە، مادەی (١٨١)، لا٥٤.

٣٤. هەمان سەرچاوە، مادەی (١٩٠)، لا٥٦.

٣٥. هەمان سەرچاوە، مادەی (٣٨٢)، لا١١٣.

٣٦. هەمان سەرچاوە، مادەی (١٥٥)، لا٤٦.

٣٧. محمود عبد السميع شعلان، نظام الأسرة بين المسيحية والإسلام، دار العلوم، الرياض، ١٤٠٣هـ/١٩٨٣م، ب١، لا٢٥٦، ٢٥٧.

٣٨. مراد فرج، شعار الخضر في الأحكام الشرعية الإسرائيلية للقرائين، مكتبة الرغائب، القاهرة، ١٩١٧م، لا ٣٧-٤٠.

٣٩. حاى بن شمعون، الأحكام الشرعية في الأحوال الشخصية للإسرائيليين، كوهين و روزنتال، القاهرة، مادەی (٤٥)، لا١٤.

٤٠. هەمان سەرچاوە، مادەی (٤٧)، لا١٥.

٤١. هەمان سەرچاوە، مادەی (٤٩، ٥٠)، لا١٥، ١٦.

٤٢. هەمان سەرچاوە، مادەی (٦٧)، لا ٢٠.

٤٣. الأنبا غريغوريوس، الزواج فى المفهوم المسيحي، شركة الطباعة المصرية، العباسية، ٢٠٠٣م، لا١٠-١٣.

٤٤. صابر أحمد طه، نظام الأسرة في اليهودية والنصرانية والإسلام، نهضة مصر، القاهرة، ٢٠٠٠م، لا٥٠، ٥١.

٤٥. نامەی دووەمی پۆلس بۆ خەڵکی کۆرنسۆس: ٦/١٤.

٤٦. الأنبا غريغوريوس، الزواج فى المفهوم المسيحي، شركة الطباعة المصرية، العباسية، ٢٠٠٣م، لا١٣.

٤٧. شوێنکەوتەی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتن لە قوستەنتینیە .

٤٨. شوێتنکەوتەی پاپا و کەنیسەی ڤاتیکانن.

٤٩. شوێنکەوتەی (مارتن لوسەر) ن کە لە سەرەتای سەدەی شانزەی زایینی دەرکەوت و بانگەوازی چاکسازی لە کەنیسەدا بەرزکردەوە.

٥٠. عبدالله المراغى، الزواج والطلاق في جميع الأديان، المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية، ١٣٨٥هـ/١٩٦٦م، لا٣٥٥، ٣٥٦.القاهرة: المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية، ١٣٨٥هـ/١٩٦٦م، لا ٣٥٥، ٣٥٦.

٥١. الأنبا غريغوريوس، الزواج فى المفهوم المسيحي، شركة الطباعة المصرية، العباسية، ٢٠٠٣م، لا١٧.

٥٢. عبدالله المراغى، الزواج والطلاق في جميع الأديان، المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية، ١٣٨٥هـ/١٩٦٦م، لا٣٦٠ و صابر أحمد طه، نظام الأسرة بين المسيحية والإسلام، نهضة مصر، القاهرة، ٢٠٠٠م، لا ٢٧٢.

٥٣. صابر أحمد طه، نظام الأسرة في اليهودية والنصرانية والإسلام، نهضة مصر، القاهرة، ٢٠٠٠م، لا٤٩، ٥٠.

٥٤. محمد سكرى سرور، نظام الزواج في الشرائع اليهودية والمسيحية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٧٩م، لا ٢٠٥-٢١١.

٥٥. صابر أحمد طه، نظام الأسرة في اليهودية والنصرانية والإسلام، نهضة مصر، القاهرة، ٢٠٠٠م، لا ٥١.

٥٦. أبو مالك كمال بن السيد سالم، صحيح فقه السنة، المكتبة التوفيقية، القاهرة، ٢٠٠٣م ب٣، لا ١٤٧ .

٥٧. محمد بن اسماعيل البخاري، صحيح البخاري، دار طوق النجاة، بيروت، ١٤٢٢هـ، ژمارەی فەرموودە: ٥١٣٦، ب٧، لا١٧.

٥٨. هەمان سەرچاوە، ژمارەی فەرموودە: ٥١٢٧، ب٧، لا١٥.

٥٩. الشيخ نظام وجماعة من علماء الهند، الفتاوى الهندية، دار الفكر، بيروت، ١٤١١هـ/١٩٩١، ب١، لا ٢٦٧ ومحمد بن أحمد الشربيني، مغني المحتاج، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٥.١هـ/١٩٩٤م، ب٤، لا٢٢٦؛ ومحمد بن أحمد بن رشد القرطبي، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، دار الحديث، القاهرة، ١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م، ب٣، لا٤٤؛ وعبدالله بن أحمد بن قدامة، المغني، دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥هـ، ب٧، لا٣٣٧؛ وأبو مالك كمال بن السيد سالم، صحيح فقه السنة، المكتبة التوفيقية، القاهرة، ٢٠٠٣م ب٣، لا ١٤٩.

٦٠. صابر أحمد طه، نظام الأسرة في اليهودية والنصرانية والإسلام، نهضة مصر، القاهرة، ٢٠٠٠م، لا ٩٣.
٦١. عبدالله المراغى، الزواج والطلاق في جميع الأديان، المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية، ١٣٨٥هـ/١٩٦٦م، لا ٣٧٢.
٦٢. سورەتى النساء: ٢٣.
٦٣. سورەتى النساء: ٢٣.
٦٤. سورەتى النساء:٢٤.
٦٥. محمد بن اسماعيل البخاري، صحيح البخاري، دار طوق النجاة، بيروت، ١٤٢٢هـ، ژمارەى فەرموودە: ٥١٠٩، ب٧، لا١٢.
٦٦. سورەتى البقرە: ٢٢١.
٦٧. سيفرى تەكوين: ١٨/٢.
٦٨. سيفرى تەكوين: ٢/٢١-٢٤.
٦٩. سيفرى تەكوين: ١٦/٣.
٧٠. سيفرى تەكوين: ٢٨/١.
٧١. زكي علي السيد أبو غضة، الزواج والطلاق والتعدد بين الأديان والقوانين ودعاة التحرر، دار الوفاء، المنصورة، ١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م، لا ٢١، ٢٢.
٧٢. مامۆستاى كەنيسەى ئەسكەندەريە بوە، لە دەوروبەرى ساڵى (٢١٤ز) كۆچى دوايى كردوە. بڕوانە: فردينان توتل، المنجد فى الأعلام والأدب والفنون، لا٣١.
٧٣. لەنێوان ساڵەكانى (٣٥٤-٤٣٠ز) ژياوە، ووتاربێژ و نوسەرێكى مەسيحى بوە. بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لا٤٨.
٧٤. البابا شنوده الثالث، شريعة الزوجة الواحدة في المسيحية وأهم مبادئنا في الأحوال الشخصية، مطبعة الأنبا ريوس، القاهرة، ١٩٩٧م، لا ٦٨.
٧٥. هەمان سەرچاوە: لا٦٨.
٧٦. سيفرى تەكوين: ١٨/٢.
٧٧. نامەى يەكەمى پۆلس بۆ خەڵكى كۆرنسۆس: ٢/٧ .
٧٨. نامەى يەكەمى پۆڵس بۆ خەڵكى كۆرنسۆس: ٩/٧.
٧٩. محمد بن إسماعيل البخارى، صحيح البخاري، دار طوق النجاة، بيروت، ١٤٢٢هـ، ب٣، لا ٢٦، باب الصوم لمن خاف على نفسه العزبة، ژمارەى فەرمودە: ١٩٠٥، ومسلم بن الحجاج النيسابورى، صحيح مسلم، دار إحياء التراث العربي، بيروت، د.ت، ب٢، لا ١٠١٨، باب استحباب النكاح لمن تاقت نفسه، ژمارەى فەرمودە: ١٤٠٠.
٨٠. محمد بن جرير الطبري، جامع البيان في تأويل القرآن، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤٢٠هـ/٢٠٠٠م، ب٢٣، لا٣٤٠.

## سەرچاوەكان


١- قورئانى پیرۆز
٢- پەیمانى كۆن
٣- پەیمانى نوێ
٤- ابن رشد، محمد بن أحمد القرطبي. (١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م). بداية المجتهد ونهاية المقتصد. د.ط. القاهرة: دار الحديث.
٥- ابن قدامة، عبدالله بن أحمد. (١٤٠٥هـ). المغني. ط١. بيروت: دار الفكر.
٦- أبو غضة، زكي علي السيد. (١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م). الزواج والطلاق والتعدد بين الأديان والقوانين ودعاة التحرر. ط١. المنصورة: دار الوفاء.
٧- البخاري، محمد بن اسماعيل. (١٤٢٢هـ). صحيح البخاري. ط١. بيروت: دار طوق النجاة.
٨- توتل، فردينان. (١٩٥٦م). المنجد فى الأدب والعلوم. ط١٨. بيروت: المطبعة الكاثوليكية .
٩- الخلف، سعود بن عبدالعزيز. (١٤٢٧هـ/٢٠٠٦م). دراسات فى الأديان، اليهودية والنصرانية. ط٥. الرياض: أضواء السلف.
١٠-سالم، أبو مالك كمال بن السيد. (٢٠٠٣م). صحيح فقه السنة. د.ط. القاهرة: المكتبة التوفيقية .

١١-سرور، محمد سكرى. (١٩٧٩م). نظام الزواج في الشرائع اليهودية والمسيحية. د.ط. القاهرة: دار الفكر العربي.

١٢-الشربيني، محمد بن أحمد. (١٤١٥هـ/١٩٩٤م). مغني المحتاج. د.ط. بيروت: دار الكتب العلمية.

١٣-شعلان، محمود عبد السميع. (١٤٠٣هـ/١٩٨٣م). نظام الأسرة بين المسيحية والإسلام. ط١. الرياض: دار العلوم.

١٤-شمعون، حاى. (١٩١٢م). الأحكام الشرعية في الأحوال الشخصية للإسرائيليين. د.ط. القاهرة: كوهين و روزنتال.

١٥-شنوده الثالث، البابا. (١٩٩٧م). شريعة الزوجة الواحدة في المسيحية وأهم مبادئنا في الأحوال الشخصية. ط٩. القاهرة: مطبعة الأنباريوس.

١٦-الطبري، محمد بن جرير. (١٤٢٠هـ/٢٠٠٠م). جامع البيان في تأويل القرآن. ط١. بيروت: مؤسسة الرسالة.

١٧-طه، صابر أحمد. (٢٠٠٠م). نظام الأسرة في اليهودية والنصرانية والإسلام. د.ط. القاهرة: نهضة مصر .

١٨-غريغوريوس، الأنبا. (٢٠٠٣م). الزواج فى المفهوم المسيحي. د.ط. العباسية: شركة الطباعة المصرية.

١٩-فرج، مراد. (١٩١٧م). شعار الخضر في الأحكام الشرعية الإسرائيلية للقرائين. ط١. القاهرة: مكتبة الرغائب.

٢٠-القزويني، محمد بن يزيد. (د.ت). سنن ابن ماجة. د.ط. بيروت: دار الفكر.

٢١-المراغى، عبدالله. (١٣٨٥هـ/١٩٦٦م). الزواج والطلاق في جميع الأديان. الكتاب الرابع والعشرون. القاهرة: المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية.

٢٢-نظام، الشيخ وجماعة من علماء الهند. (١٤١١هـ/١٩٩١م). الفتاوى الهندية. د.ط. بيروت: دار الفكر.

٢٣-النيسابوري، مسلم بن الحجاج. (د.ت). صحيح مسلم. د.ط. بيروت: دار إحياء التراث العربي.